Komala Party _ Iranian Kurdistan

كومەله _ سازمان انقلابی زحمتكشان كردستان ايران
كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران

**راگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمەڵە:**

## هێرشی سەرکوتکەرانی رژێم بۆ سەر بۆنەی رۆژی کرێکار
## لە سەقز مەحکومە!

کرێکاران‌و خەڵکی شاری سەقز لە رۆژی کرێکاری ئەمساڵدا ئەو شانۆگەری و بۆنە دەوڵەتییەیان تەحریم کرد کە بڕیار وابوو لە سالۆنی کاوەدا بەڕێوە بچێ‌و لە بەرانبەر ئەوەدا بەڕێوەبردنی ریزنان لە رۆژی کرێکاریان بردە شەقامی ئازادی لە پارکی "کودك". مەئموورانی سەرکوتکەری رژێم هێرشیان کردە سەر ئەم کۆبوونەوەیەی کرێکاران‌و خەڵکی سەقزو دوای تێك هەڵچوون لەگەڵ خەڵك نزیك بە 40 کەس لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری‌و خەڵکی بەشدار بووی بۆنەی یەکی ئەیاریان دەستگیر کرد. "محسن حکیمی" ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران کە بۆ قسەکردن لەم بۆنەیەدا بەشدار ببوو، لە ناو گیراوەکاندایە. بەپێی ئەو هەواڵە تازەیەی کە پێمان گەیشتووە، بیست کەس لە گیراوەکان ئازاد کراون‌و ئەوانی‌تر هێشتا هەر لە بەندیخانەدان. ئێمە هێرشی سەرکوتکەرانی ئیسلامی بۆ سەر  بۆنەی یەکی ئەیار مەحکوم دەکەین‌و خوازیاری ئازادیی خێرا و بێ‌ئەم‌ولاولای گیراوەکانی‌ترین‌و داوا لە هەموو کرێکاران‌و خەڵکی کوردستان دەکەین کە بۆ ئازادیی ئەو کەسانە تێبکۆشن.

هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەو کرێکارانی وشیار لە شارودێهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە چەند رۆژ پێش لە رۆژی کرێکارەوە بە بڵاوکردنەوەی بەربڵاوی تراکت‌و پوستێری تەبلیغاتی بەرەو پێشوازیی یەکی ئەیار رۆیشتن‌و بە بۆنەی جۆراوجۆرو لە کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا، رۆژی جیهانی کرێکاریان رێز لێنا کە هەواڵ‌و وردەکارییەکانی لە "خبرنامە"دا باس دەکرێ. پێشگرتنی رژێم لە بەڕێوەچوونی بۆنە کرێکارییەکان لەم رۆژەدا،  ترسی لەرادەبەدەری ئەم خوێنمژانە لە کرێکارانی کوردستان دەردەخا. بەڵام بێ‌گومان کرێکارانی وشیاری کوردستان هەر وەك رابردوو بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان‌و رادیکالیزە کردنی بزووتنەوەی کوردستان، راشکاوانەتر لە رابردوو، هەنگاو هەڵدەگرن.

دەبیرخانەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
13ی گوڵانی 1383ی هەتاوی، 2ی مانگی مەیی 2004

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: **(0044704)3124711**
Mobile: **00447077537465**
Fax: 00447043140449